# داهێنراوەکان لە دیندا

# (البدع في الدين)

كتبه: م/عبدالكريم محمد

پێش نوێژو وتارخوێنی مزگەوتی: ئیمان لە سلێمانی

بسم الله الرحمن الرحيم

**الحمد لله رب العالمين، وصلى الله وسلم وبارك على سيّد الأنبياء وخاتم المرسلين نبينا محمد وعلى آله وأصحابه وأتباعه الى يوم الدين .**

## پێناسەی داهێنراو (بیدعە) لە دیندا

ڕێگایەکی داهێنراوە لەناو ئیسلامدا ئەیچوێنن بە شەرعییەکانەوە، مەبەست لە کردەوە پێ کردنی بە گومانی خۆیان زیادە پەرستنی تێدایە بۆ خوای گەورە، بەلاّم بە پێچەوانەوە داهێنراوەکان لەپەرستندا تەنها خراپەکاری وگومڕاییە بۆ خاوەنەکەی.

هەروەها لە ئیسلامدا شتێك نییە ناوی (البدعة الحسنة) بێت، وەکو هەندێك لە نەزانەکان بانگەوازی بۆ دەکەن بە گومانی خۆیان، چونکە هیچ بەڵگەیەکیان بەدەستەوە نییە بۆ سەلماندنی.

لە ئیسلامدا (سنة حسنة) هەیە کە بریتییە لە زیندوو کردنەوەی کردارێکی شەرعی کە پێشتر کردەوەی پێ کراوە پاشان لەبەر هەر هۆیەك بۆ ماوەیەك ڕاگیراوە دواتر زیندوو کراوەتەوە.

فەرموودەکەی پێغەمبەر ﷺ کە فەرموویەتی: (من سن في الإسلام سنة حسنة)[1] ئیمامی مسلم لە ژێر ئەم بابەدا هێناویێتی: (٢٠) باب الحث على الصدقة...

پێشتر خێر کردن فەرمانی پێکراوەو کردەوەی پێکراوە، مەبەست لەم فەرموودەیە تەنها هاندانی موسڵمانانە بۆ خێر کردن، لەبەر ئەوەی خەڵکانێکی هەژار لە هۆزی (مضر) هاتنە مەدینەو ئامادەیی تەواویان هەبوو بۆ بەشداری

(١) (رواه مسلم: ١٠١٧).

کردن له جیهاددا لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ، بەڵام کاتێك پێغەمبەر ﷺ بینییانی زۆر نەبوو بوون رەنگ تێکچوونی له روخساریدا دەرکەوت، بۆیه چووه ژوورەوه پاشان هاته دەرەوەو فەرمانی کرد به بیلال بانگ بفەرموو، قامەت بکەو پاشان نوێژی بۆیان کردو وتارێکی بۆدان که تێیدا هانی دان بۆ خێر کردن وبەخشین له رێگای خوادا، هاوەڵانیش به گوێرەی توانای خۆیان خێریان بۆ کۆکردنەوه له پارەو پۆشاك وخواردن، تا دوو کۆمەڵ خواردنو پۆشاکیان بۆ کۆکردنەوه، پاشان پێغەمبەری خوایان ﷺ بینی روخساری له خۆشیدا دەدرەوشایەوه وەکو پارچەیەکی ئاڵتون، پاشان فەرمووی:

(من سن في الإسلام سنة حسنة....).

کەواته: فەرموودەکه باسی خێرکردن دەکات، خێرکردنیش پێشتر له ئیسلامدا هەبووه نەك بکرێته بەلگه بۆ شتی داهێنراو که له دیندا هیچ بنچینەیەکی نییه.

وه ئەگەر باس له قسەکەی ئیمامی عومەر رضي الله عنه بکەن که فەرموویەتی:

(نعمت البدعة هذه)[٢].

له باسی زیندوو کردنەوەی نوێژی تەراویح به جەماعەت، ئەمەیش دیسان راست نییەو نابێته بەلگە، چونکه پێغەمبەری خوا ﷺ خۆی (٣) سێ شەو به جەماعەت تەراویحی بۆ کردن دوای ئەوه که بینی هاوەڵان زۆر به پەرۆشنو هەموو کۆبوونەوه، بۆی نەکردن چونکه لەوه ترسا نەوەکو لەسەریان فەرز بکرێت، ئیتر ئیمامی عمر رضي الله عنه چ بیدعەیەکی کردووه؟!!.

## هەندێك له داهێنراوەکان له بیروباوەڕدا:

**یەکەم:** بیدعەی شیعەگەرێتیو خەواریجەکان:

یەکەم ئاژاوەیەك که دروست بوو له عێراقدا وه بوونه هۆی نارەحەتیو ئازارو پارچه پارچه کردنی موسڵمانان بریتی بوو له بیدعەی شیعەگەرێتیو خەواریجەکان، وه ئەم دوو کۆمەڵە له کۆمەڵە گومڕاکانن[٣].

(٢) (أخرجه البخاري: ٢٠١٠).

(٣) (سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٥/٦٥٦، الإعتصام: ١/٥٥، مجموع الفتاوى: ٣٦/ ١٣٩و ١٠/٣٥٤-٣٥٦).

**دووەم:** چەواشە کردنی خەڵکی بەوەی (دەججال) مرۆڤ نییە بەڵکو نیشانەی شارستانێتیو جوانیو ڕازاوەیی ئەوروپایە[٤].

**سێیەم:** ناونانی فریشتەی گیان کێشان بە(عیزرائیل)، لەکاتێکدا ناوی لە قورئاندا بە(ملك المــوت) هاتووە، خوای گەورە دەفەرمێت: ﴿قُلْ يَتَوَفَّاكُمْ مَلَكُ الْمَــوْتِ الَّذِي وُكِّلَ بِكُمْ﴾ [السجدة: ١١].

واتە: ئەی محمدﷺ پێیان بڵێ ئەو (ملك المــوت)ە گیانتان دەکێشێت کە لەلایەن خواوە ئێوەی پێ‌سێردراوە.

وە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێت: (...ثم يجيء ملك الموت....)[٥].

واتە: ...پاشان ملك الموت دێت....

کەواتە: ئەمە ناوێتی لە قورئانو سوننەتدا، و(عیزرائیــل) هیچ ئەصڵو بنەمایەکی لە ئیسلامدا نییە، بەڵکو لەوانەیە لە ئیسرائیلیات بێت.

**چوارەم:** گومانێك کە گوایە حەدیثی آحاد(ئەو حەدیثەیە کە یەك ڕاوی یان دوو یان سێ یان کۆمەڵێك ڕیوایەتی بکەن و نەگەنە پلەی متەواتر) ناکرێت بە بەڵگە بۆ چەسپاندنی بیروباوەڕ.

ئەمەیش قسەیەکە ئەصڵی نییە لە شەریعەتی ئیسلامدا، وە بۆچونێکی زۆر دوورە لە قورئانو سوننەت، وەپێشەوایانی سەلەفی صالح بە هیچ شێوەیەك ئەم بۆچونە لەناویاندا نەبووە، بەتایبەتی پێشەوایان (أبوحنيفة ومالك بن أنس والشافعي وأحمد بن حنبل) (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت).

وەلەو زانایانەیش کە بەرپەرچی ئەم بۆچوونەیان داوەتەوە:

١- إمام ابن القيم(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە کتێبی(مختصر الصواعق المرسلة على الجهمية والمعطلة).

٢- إمام ابن حزم(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە کتێبی (الإحكام في أصول الأحكام).

٣- إمام البـاني (ڕەحمەتی خوای لێ بێت)لە دوو نامیلکەدا (وجوب الأخذ بحديث الآحاد في العقيدة) (الحديث حجة بنفسه في العقائد والأحكام).

بەم گومانە بەتاڵەیان ئەم بەشانەی بیروباوەڕ وەرناگرن:

---

(٤) (سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٣/١٩٠).

(٥) (أحكام الجنائز: ص١٩٩).

١- پێغەمبەرێتی ئادەم ﷺ وئەو پێغەمبەرانەی کە ناویان لە قورئاندا نەهاتووە.

٢- پێشخستنی پلەی محمد پێغەمبەر ﷺ بەسەر هەموو پێغەمبەراندا.

٣- تکا کردنی گەورەی پێغەمبەر ﷺ لە ڕۆژی قیامەتدا.

٤- تکا کردنی پێغەمبەر ﷺ بۆ ئەو کەسانەی کە تاوانی گەورەیان ئەنجام داوە لەناو ئوممەتەکەیدا.

٥- هەموو موعجیزەکانی پێغەمبەر ﷺ تەنها موعجیزەی قورئان نەبێت.

٦- سیفاتی لاشەیی پێغەمبەر ﷺ وەهەندێك لە خوڕەوشتی.

٧- ئەو فەرموودانەی باس لە سەرەتای دروست بوون دەکەن، یان سیفەتی فریشتەو جنۆکەکان، یان بەهەشتو دۆزەخ کە ئێستا دروست کراون، هەروەها باوەڕ نەبوونیان بەوەی کە فریشتە لە نور دروست کراون، یان بەردە ڕەشەکە (حجر الأسود) بەردی بەهەشت بێت، کە ئەمەش شێخ(محمود شلتوت) بە ئاشکرا دژایەتی دەکات.

٨- تایبەت مەندییەکانی پێغەمبەر ﷺ وەکو: چونە ناو بەهەشتو، بینینی بەهەشتییەکانو ئەوەی کە ئامادە کراوە بۆ ئیمانداران لە بەهەشتدا، موسڵمان بوونی ئەو جنۆکەیەی کە لەگەڵ پێغەمبەرە ﷺ.

٩- دژایەتی کردنی مژدەدانی دە(١٠) هاوەڵە بەڕێزەکە بەبەهەشت(العشرة المبشرين بالجنة)کە بەهەشتی بن.

١٠- دژایەتی کردنی باوەڕ بوون بە پرسیار کردنی دوو فریشتەکەی ناو گۆڕ.

١١- دژایەتی کردنی باوەڕ بوون بە سزای ناو گۆڕ.

١٢- دژایەتی کردنی باوەڕ بوون بە گۆڕ ووشار.

١٣- دژایەتی کردنی باوەڕ بوون بەوەی کە تەرازووی ڕۆژی قیامەت دوو تای هەبێت (ذي الكفين).

١٤- دژایەتی کردنی باوەڕ بوون بە پردی (صراط).

١٥- دژایەتی کردنی باوەڕ بوون بە حەوزی (كوثر)، وە هەر کەسێك کە تەنها یەك جار ئاوی لێ بخواتەوە ئیتر هەرگیز تینوی نابێت.

١٦- چوونە بەهەشتی حەفتا هەزار (٧٠٠٠٠) لە ئوممەتی پێغەمبەر ﷺ بەبێ لێپرسینەوە لەسەر گوناهەکانیان.

١٧- پرسیار کردن لە پێغەمبەران(علیهم الصلاة والسلام) لە ڕۆژی کۆکردنەوەی قیامەتدا کە ئایا دینەکەتان گەیاندووە بە خەڵکی یان نا.

١٨- دژایەتی کردنی باوەڕ بوون بە ڕاستێتی ئەو فەرموودانەی پێغەمبەر ﷺ کە باسی سیفەتی ڕۆژی دواییو کۆکردنەوەی خەڵكو دابەش کردنی نامەی کرداریان بەسەریاندا.

١٩- دژایەتی کردنی باوەڕ بوون بە قەزاو قەدەر چاكو خراپیو خوای گەورە هەموو شتێکی مرۆڤەکانی نوسیوە لە بەختەوەریو نارەحەتیو ڕۆزیو تەمەنی.

٢٠- دژایەتی کردنی باوەڕ بوون بە قەڵەم کە هەموو شتێکی نوسیوە.

٢١- دژایەتی کردنی باوەڕ بوون بە قورئان کە بە حەقیقەت قسەو فەرموودەی خوای گەورەیەو (مجاز) نییە.

٢٢- دژایەتی کردنی باوەڕ بوون بە عەرشو کورسی خوای گەورە بە حەقیقەت نەك (مجاز) بێت.

٢٣- دژایەتی کردنی باوەڕ بوون بەوەی کە ئەو موسڵمانانەی کە گوناهی گەورەیان ئەنجام داوە بە هەمیشەیی لە دۆزەخدا نامێننەوە.

٢٤- دژایەتی کردنی باوەڕ بوون بەوەی کە روحی شەهیدان لەناو سیقەتۆرەی باڵندەیەکی سەوزدان لە بەهەشتدا.

٢٥- دژایەتی کردنی باوەڕ بوون بەوەی کە خوای گەورە حەرامی کردووە لەسەر زەوی کە لاشەی پێغەمبەران بخوات.

٢٦- دژایەتی کردنی باوەڕ بوون بەوەی کە خوای گەورە فریشتەی تایبەت کردووە ئەگەڕێن بەسەر زەویداو سەلامی خەڵکی دەگەیەنن بە پێغەمبەر ﷺ.

٢٧- دژایەتی کردنی باوەڕ بوون بە هەموو نیشانەکانی پێش هاتنی ڕۆژی قیامەت، وەکو: هاتنی مەهدیو هاتنە خوارەوەی پێغەمبەر عیسی ﷺ، وهاتنی دەججال‌و، هاتنە دەرەوەی گیانداڕێك لەناو زەویو نیشانەکانی تریش.

٢٨- دژایەتی کردنی باوەڕ بوون بە پارچە پارچە بوونی موسڵمانان

بەسەر(٧٣) کۆمەڵو حیزبدا، کە تەنها یەك کۆمەڵیان رزگاری دەبێت ئەویش ئەوانەن کە شوێن کەوتووی ئەو دینەن کە پێغەمبەرو ﷺ هاوەڵانی لەسەر بووە لە بیروباوەڕو خواپەرستیو خوڕەوشتی بەرزی خواویستانە.

٢٩- دژایەتی کردنی باوەڕ بوون بە گشت ناوە جوانو سیفاتە بەرزەکانی خوای گەورە بەو شێوەیەی کە لە فەرموودەی صەحیحدا هاتووە، وەکو: صفة العلي والقدير وصفة الفوقية والنزول......

٣٠- دژایەتی کردنی باوەڕ بوون بە سەرکەوتنی پێغەمبەر ﷺ بۆ ئاسمانە بەرزەکان، وەبینینی نیشان گەورەکانی پەروەردگار.

هدانا الله وإياهم الى سواء السبيل.

**پێنجەم:** پرسیار کردن لەچۆنێتی (الإستواء)

پرسیار کردن لەچۆنێتی الإستواء بدعەیە، لەبەر ئەوەی پرسیاریکە لە سیفەتێکی (الله) کەمرۆڤەکان زانیاریان پێی نییە بۆیە ناتوانن وەڵامی بدەنەوە، لەبەر ئەوە پرسیار کردن لەسیفەتی خوا وەك پرسیار کردن وایە لەحەقیقەتی خوا خۆی ئەوەش لەتوانای عەقلی مرۆڤەکاندا نییە، بەڵام سیفەتەکە بوونی و مانای مەعلومەو زانراوە بەڵام چۆنە؟ ئەمەیان لەتوانای مرۆڤەکاندا نییە پرسیاری لێ بکەن، چونکە حەقیقەتی سیفەتەکە هەر خوا خۆی ئەیزانێ.

ئەمە وەڵامی ئەم زانایانەیە:

١-الأوزاعي ٢-مالكى كورى أنس ٣-سفيان الثورى ٤-الليث بن سعد ٥-ربيعة الرأي ٦-ابن تيمية ٧-الخطابى ٨-ابن عبدالبر .

ابن عبدالبر فەرمویەتی: شوێن کەوتوانی سوننەتی پێغەمبەر ﷺ یەك دەنگن و بڕیاریان داوە کە ئەو سیفەتانەی خوا کە لەقورئان و سوننەتدا هاتووە حەقیقەتەو خوای گەورە هەموو ئەو سیفاتانەی هەیەو ماناکەی ئاشکرایە، بەڵام چۆنە ئەوە خوا خۆی نەبێت کەس نایزانێ و زانیاری چۆنیەتیەکەی تایبەتە بەخوای گەورە خۆیەوە.

ئەوانەی کە ئینکاری حەقیقەتی سیفاتی خوایان کردووە بریتین لە

(جەهمییـــــــەکان–موعتەزیلـــــــەکان–خەواریجەکان).

**شەشەم:** ئەم قسەیەش: خوا لە هەموو شوێنێکە.

قسەی زۆرینەی خەڵك کە ئەڵێن (ذاتـی خوا لەهەموو شوێنێکە) گومانی تێدا نییە کە ئەم قسەیە گومڕایییە، ئەو کەسانەی کە ئەم قسەیە ئەکەن ئەوانەن کەجیاوازی ناکەن لەنێوان خواو دروست کراوەکانیدا، گەورەکانیان ئەڵێن: هـەموو ئەوانـەی کـە بەچاوت ئـەیبینی ئـەوە خوایـە (والعیـــاذ بالله)، ڕاسـتی ئەوەیـە کـە زانیـاری خـوا هەموو شوێنێك ئەگرێتەوە.

پاشان وشـەی (ذات) و(بائن) ئـەم دوو ووشەیە لەڕۆژگاری هـاوەڵانی پێغەمبـەردا ﷺ بەکار نەهاتووە، کاتێك جەهمییەکان ئەم قسەیان کرد(خوا لە هەموو شوێنێکە) بـۆ بەرپـــەرچ دانـــەوەی جەهمییـــەکان زانایـانی شـوێن کـەوتوی سـەلەفی صـالح ووشەی (بائن) یان بەکار هێنـاو کەسـیش لەزانایان ئینکاری یان نەکردوە.

**حەوتـــەم:** نیـسبەتی شـوێن بـۆ خـوا، لـەقورئانو سـوننەتو قـسەی صـەحابەو شـــوێن کـــەوتوانی ســـەلەفی صـــالحدا نەهاتووە، بۆیە شوێن کـەوتنی تـەواو بـۆ سەلەفی صالح ئەوەیە کەنیسبەتی شـوێن بۆ خوا نەوترێت.

**هەشـــتەم:** ئـــەم قـــسەیەش: نـــوری محمدﷺ یەکەم دروستکراوی خوایە.

ئـەم قـسەیە هـیچ بەڵگەیـەکی ڕاسـتی لەسەر نییە، بـەڵکو یەکـەم دروسـتکراوی خوا(قەڵەم)ە بەم بەڵگە صەحیحە.

عن ابن عباس رضي الله عنهما–مرفوعا:

**(إن أول شيء خلقه الله تعالى القلـــم، وأمره أن يكتب كل شيء يكون)**(٦) .

واتــە: یەکـەم شـت کـە خـوای گـەورە دروستی کرد قەڵەم بـوو، وەفـەرمانی پـێ کرد هەموو شتێك بنوسێت کە ڕوودەدات.

عن عائشة رضي الله عنها، قال رســـول الله ﷺ: **(خُلقت الملائكة من نور، وخُلقت الجان من مارج من نار، وخُلــق آدم ممـــا وصف لكم)**(٧).

واتــە: فریـشتەکان لــە نــور دروســت کـراون، وە جنۆکـەکان لـە ئـاگر دروسـت

(٦) (رواه ابن أبي عاصم في: السنة، وانظر: سلسلة الأحاديـــث الصحيحة: ١٣٣).

(٧) (رواه مسلم: ٢٩٩٦).

کراون، وە ئادەمیش وەکو بۆتان وەسف کرا لەقوڕ دروست کراوە.

**نۆیەم:** ئەم قسەیەش( لفظي بالقرأن مخلوق).

دوایین فیتنەی ئەو قسەیەیە کەئەیان ووت (قورئان مەخلوقە) ئەم قسەیەش سەری **هەڵدا** (لفظي بالقرأن مخلوق) ئەم قسەیەشیان ئەدایە **پاڵ** (ئیمامي بخاري) (رحمه الله) کە گوایە بوخاریش ئەمە قسەیەتی بەڵام ڕاستیان نەکردوو ئیمامی بوخاری بەڕائەتی خۆی لێ کرد لە(فتح الباري) دا بەبەرپەرچ دانەوەیان.

ئەمەش بۆچوونی شوێن کەوتوانی سوننەیە بەتەواوی: قورئان قسەی خوایەو دەنگەکە دەنگی خوێنەری قورئانەکەیە .

**دەیەم:** ئەم قسەیەش، ئینکاری کردن لە (صفة العلو) بۆ خوا .

ڕاستییەکەی بەبەڵگەی قورئان و سونەت ئەوەیە کە خوای گەورە لەسەرووی عەرشەوەیە بەو شێوەیەی کەشایستەی گەورەیی خوا خۆی بێت، ﴿ٱلرَّحۡمَٰنُ عَلَى ٱلۡعَرۡشِ ٱسۡتَوَىٰ ۝٥﴾ [طه: ٥].

**یانزەهەم:** تەفسیری(استواء) بە (استولى) بیدعەیەو شوێنی قسەی شاعیرێکی گاور کەوتون و تەفسیری سەلەفی صاڵحیان وەرنەگرتووە .

**دوانزەهەم:** ئەم قسەیەش:

(الله ليس فوق ولا تحت ولا يمين ولا يسار ولا أمام ولا خلف، لا داخل عالم ولاخارجه، لامتصلا به ولا منفصلا عنه).

واتە: خوای گەورە نە لە سەروو نە لە ژێرە، وەنە لای ڕاستەو نەلای چەپە، وە نە لە پێشەو نە لە پاشە، وەنە لە ناو جیهانە وەنە لە دەرەوەی، وەنە پەیوەندی پێوەیە وەنەلێی جیایە.

سوێند بەخودا ئەم قسەیە کوفرەو ئینکاری کردنی بوونی خودایە.

ئەم قسەیە مانای ئەوە ئەگەیەنێ کە خوا بوونی نییە والعياذ بالله .

یەکێك لە لەپێشەوا عادلەکان ئەم قسەیەی لێیان بیست فەرمووی: (ئەمانە کەسانێکن خوایان لەکیس چووە).

پاك وبێ گەردی وتەواوی بۆ ئەو خوایەی کە لەسەروی عەرشەوەیە بەو شێوەیەی کە شایستەی گەورەیی الله بێت.

**سیانزەهەم:** قسەی خەوارج وموعتەزیلەکان:

ئەوانەی گوناهی گەورەیان ئەنجام داوە بەبەردەوامی لە دۆزەخدا دەمێننەوە، خەوارجەکان بەئاشکرا ئەڵێن ئەوانەی گوناهی گەورەیان ئەنجام داوە کافرن ئەم قسەیەشیان بیدعەیە وپێچەوانەی بیروباوەڕی سەلەفی سالحە (الصحيحة ٧-١٣٧).

**چواردەهەم:** بیدعەی ئینکاری کردنی بینینی خوا لەلایەن باوەڕدارانەوە لەڕۆژی قیامەتدا، مانای بەڵگە قورئانییەکان دەگۆڕن لەژێر ناوی (مجاز)دا.

گومان بۆ خەڵکی دروست دەکەن کە گوایە (حەدیسی ئاحادە) ئەم کردارەشیان گومڕاییەکی ئاشکرایەو پێچەوانەی سەلەفی سالحە (لەناویاندا خاوەنی چوار مەزهەبەکە).

**پانزەهەم:** بیدعەی (تفويض) واتە: باوەڕ نەبوون بەمانای صیفاتی الله ومەبەستی خوا لەو صیفاتانەدا کە ئەمەش پێچەوانەی بیروباوەڕی سەلەفی سالحە لە ناو و صیفاتی الله دا کە باوەڕیان بە صیفەتەکە ومانای صیفەتەکەو مەبەستی لەو صیفەتە هەبووە.(الصحيحة ٤٧٧/٧).

**شانزەهەم:** (علم الكلام) بیدعەیە، بۆیە زۆرێك لە زانایانی (علم الكلام) تەوبەیان کردووە لەو عیلمەو گەڕاونەتەوە بۆ مەنهەجی سەلەفی صالح وەکو(عبدالله بن يوسف الجويني) باوکی إمام الحرمين (مجموعة الرسائل المنيرية) (١/٥٧٠-٥٨٧). فتح الباري (١٣-٣٥٠).

إمامی الجوینی ئەڵێ: (والأن، فقد رجعت واعتقدت مذهب السلف).

واتە: ئێستا من تۆبەم کردوو گەڕامەوەو بیروباوەڕی مەزهەبی سەلەفم هەیە. یەکێکی تریان دەڵێت: (أكثر الناس شكاً عند الموت أصحاب الكلام).

واتە: زۆرینەی ئەو خەڵکانەی کە بەگومانەوە دەمرن ئەوانەن کە شوێنی (علم الكلام) کەوتوون.

**حەڤدەهەم:** ئەم قسەشیان بیدعەیە (مذهب السلف أسلم، ومذهب الخلف أعلم وأحكم).

واتە: (مەزهەبی سەلەف سەلامەت ترە، وە مەزهەبی خەلەف زاناتر وچەسپاوتر و پڕ حیکمەت ترە)، ئەم قسەیان ئەگەر بەجوانی لێی تێ بگەیت بۆت دەردەکەوێت کە پڕە لە

نـەزانین وگـومڕایی، ئـەگینا چـۆن زانیـاری خەڵکانی سەدەکانی دوایی باشترە لە زانیاری خەڵکانی سەدەکانی پێشوو، چۆن زانیاریـان تەواوترە لە زانیـاری هـاوەڵانی پێغەمبـەرﷺ چـۆن زانیـاری باشـترین خـەڵك کـەمترە لـە زانیاری خـەڵکانی سـەدەکانی دوای هـاوەڵان وسـێ سـەدە پـڕ خێرەکـە؟ چـۆن شوێنکەوتووانی فەلسەفەی یۆنـانی و هینـدی زانـاترن بـەخواو صـیفاتەکانی لـە شوێنکەوتووانی پێغەمبـەران (علیهم الـصلاة والسلام) وشوێن کەوتووانی قورئان وئیمان.

هۆی ئەم گومانە خراپـەیان کـە مانـای پـشت کردنـە لـە ئیـسلام ودرۆ دانـە پـاڵ شوێنکەوتوانی سـەلەفی صـالح وبەڕاسـت زانینـی ڕێگـەی خەلـەف، ئەمـەش کۆکردنەوەی دوو گومڕاییە، نەزانینیان بە ڕێگـەی سـەلەف ودرۆدانـە پاڵیـان، وەنـەزانین وگومڕاییـان بـە ڕاسـت زانینـی ڕێگای غەیری سەلەف .

**هەژدەهەم:** ئینکاری کردنی ئەوەی کە (مرۆڤـەکان بـۆ کردەوەکانیـان توانایـان هەبێت یان بە ڕەزامەندی خۆیان کارەکان ئـەنجام بـدەن)، ئـەم بۆچوونەشـیان بیدعەیـە، ڕاسـتییەکەی ئەمەیـە کـە (مرۆڤەکان بکـەری کردەوەکـانی خۆیـانن بەحەقیقـەت بـە ویـستی خۆیـان، خـوای گـەورە دروسـت کـەری کردەوەکـانی مرۆڤەکانـە، چـونکە دروسـتکەری خۆیـان وکردەواکانیان و ویستەکانیانە.

خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿ لِمَن شَآءَ مِنكُمۡ أَن يَسۡتَقِيمَ ﴿٢٨﴾ وَمَا تَشَآءُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿٢٩﴾ ﴾ [التكوير ٢٨-٢٩].

ئەم بەشەی قـەدەر زۆرینـەی ئەوانـەن کە ئینکاری قەدەر ئەکەن وباوەڕیان پێی نییە .کە پێغەمبەری خوا ﷺ ناوی نـاون مەجوسی ئوممەتی ئیسلام.

**نۆزدەهـەم:** تـەئویل کردنـی سـیفەتی (العجب والضحك )بە (الرضا) بیدعەیە .

(العجب والضحك) دوو سیفەتی خـوان و بەو شێوەیەی کـە شایستەی گـەورەیی خوا بێت .

**بیـستەم:** تـەئویل کردنـی سـیفەتی (الغـضب والرضـی) بـە (ارادة الإنتقـام والإحسان) بیدعەیە .(الغضب والرضـی ) دوو سـیفەتی خـوان بـەو شـێوەیەی کـە شایستەی گەورەیی خوا بێت .

**وصلى الله على نبينا محمد**
**وعلى آلهِ وَصحبهِ وسلم.**